# گه نجی کورد  و خه‌می شێت بوون

عومه‌ر جه‌لال

شێت بوون دوو جۆری هه‌یه له ژیانی مرۆڤایه‌تیدا ,یه‌که‌میان ئه‌و که‌سانه‌ن له‌ده‌رگای زانست و هزر و شیعر و عه‌شق فه‌لسه‌فه ده‌ده‌ن وسه‌ره نجام به شێتی ده‌گه‌رێنه‌وه ,وه‌لێ داهێنانی گه‌وره پاش خۆیان به جێده‌هێڵن وه‌کو ئه‌و گه‌وره داهێنه‌رانه‌ی که‌له‌سه‌ده‌کانی رابردوودا ڕوویدا ,جۆری دووه‌می شێتی خه‌م و ئازاری کۆمه‌ڵگه و دڵره‌قی نیشتمان شێتی ده‌کات که‌له سه‌رووبانه‌وه بێبه‌زه‌یی ده‌سه‌ڵات ,ئه‌وه‌ی ئه‌مڕۆ له کۆمه‌ڵگه‌ی کوردی ده‌بینرێت کۆمه‌ڵێك گه نجی بێئومێد له ژیان و ده‌سه‌ڵات که نزیکن له شێتبوونه‌وه یان به مانایه‌کی دی شێتبوونێکی بێ هوده یه‌خه‌ی گه نجی گرتووه به‌ڵام شێتبوونێکی تا ئه‌به‌د ڕه‌شبین .

گه نجێکی هه‌ڵه بجه‌یی کاتێك ده‌بینێت له‌وه‌ته‌ی له دایك بووه و چاوی له ژیان کردووه‌ته‌وه تا هه‌نووکه جگه له بۆنی خه‌رده‌ل و گازی کیمیاوی و وێرانبوونی کۆڵانه‌کانی منداڵی ده‌بێت چی ببینێت؟ ,جگه له ده‌نگی ته‌نهایی و خه‌مباری ده‌بێت چی ببیستێت و چۆن شێت نه‌بێت,گه نجێکی گه‌رمیانی له زیندانه تاریکه‌کانی تۆپزاوا نوگره‌سه‌لمان یه‌که‌مین ترپه‌ی دڵی لێیدابێت و هاواری دایکی له ترسی به‌عسیه نه‌زۆکه‌کان تا هه‌نووکه له گوێیدا ده‌بێستێت وپاش شازده ساڵ هه‌ر به‌و خه‌ونه‌وه ده‌ژێت و ده‌سه‌ڵاتیش هه‌موو ده‌رگاکانی لێداده‌خات جگه‌له شێت بوون ده‌بێت چ شتێك ببێته مانیفێستی ئاینده‌ی؟ ,منداڵێکی ئه‌نفال له‌وه‌ته‌ی له‌دایك بووه له چاوه‌ڕوانی باوکیدا هه‌ر له‌و که‌لاوه کۆنه‌ی ئۆردوگای (شۆرش ) زیاترنه‌توانێت ئاشنابێت به هیچ شه‌قامێك ده‌بێت چ چاوه‌روان بکرێت جگه له شێتبوونێکی له سه‌رخۆ,کچێکی شه‌هیدی شه‌ڕی ناوخۆ که هه‌نووکه ته‌مه‌نی گه‌یشتۆته ده‌ساڵ هه‌ر ئه‌و جل و به‌رگه دراوه‌ی ده‌ساڵ به‌ر له ئێستای له‌به‌ردابێت که باوکی بۆی کڕی بۆیه‌که‌م جار و هه‌نووکه جل و به‌رگی دڕاوبێت و نه‌توانێت له ماڵ ده‌رچێت ته‌نیا  له‌به‌ر ئه‌وه‌ی به‌رووتی نه‌بینرێت ,ئایا ئه‌و کچه کام یاسا و بڕگه‌ی مافی مرۆڤ پێده‌ڵێت تۆ شێت نابیت,

ئه‌و گه نجه‌ی زانکۆ ته‌واو ده‌کات له‌و سرووته قه‌شه‌نگه‌وه ده‌گه‌رێته‌وه ماڵه ساردوو سڕه‌که‌ی و له  پاش چه‌ند ساڵێك به‌چه‌ندین ده‌ست ماچ کردن تا داده‌مه‌زرێت ,که دامه‌زرا جگه‌له‌چه‌ند کورسیه‌کی شکاو چه‌ند وێنه‌یه‌کی سه‌رۆك چ هاورێتی ده‌کات؟ کێ ده‌توانێت گه‌ره‌نتی ئه‌وه بدات که ئه‌و گه نجه به‌دیار ته‌نهای و که‌می موچه‌وه شێت نابێت ؟؟؟ته‌نها هه‌ر به خه‌یاڵ رۆژ ده‌کاته‌وه شه‌ویش له‌به‌ر خۆیه‌وه قسان ده‌کات,من دڵنیام ئه‌گه‌ر له‌کۆمه‌ڵگه‌ی کوردیدا را پرسیه‌ك بکرێت له‌سه‌ر رێژه‌ی شێتبوون ئه‌وا بێگومان کودستان ده‌بێته خاوه‌نی زۆ رترین شێت (له‌گه‌ڵ رێزێکی ته‌واوم بۆ هه‌موو ئه‌و مرۆڤانه‌ی که خاوه‌نی که‌سێکی نه‌خۆشن که‌باری ته‌ندرووستی ده‌روونیان باش نیه‌یان خۆیان له دۆخێکی ناته‌ندرووستدا ده‌ژین )

ئه‌وه‌ی که گه‌نج شێت ده‌کات بینینی ئه‌و په‌رله‌مانه بێده‌نگه‌یه که ده‌یه‌وێت گه نجه‌کان کۆچ بکه‌ن,بینینی ئه‌و به‌رپرسانه‌یه که ته‌نیا خه‌میان به‌رزکردنه‌وه‌ی ڤێلاکانیانه ,بینینی ئه‌و ناداد‌په‌روه‌ریه‌ی ئه‌مڕۆ مرۆڤه‌کان تێکده‌شکێنێت,گه نجه‌کان شێت ده‌که‌ن ,شێت بوون چیه؟جگه له لێسه‌ندنه‌وه‌ی ویست و ئاره‌زوو.

ئه‌گه‌ر ده‌سه‌ڵات به‌وه به‌خته‌وه‌ربێت ئه‌مڕۆ گه نجان شێت بکات ئه‌وه  دڵنیابێت سبه‌ینێی تاریك ده‌بێت ,گه نجه‌کانی نیشتمانه دڵشکاوه‌که‌ی من چۆن شێت نابن که هه‌موو ته‌مه‌نیان بیست و چوار کات ژمێر بێت (هه‌موو رۆژه‌کانیان دووباره‌ببێته‌وه ),گه نجان چۆن شێت نابن ده‌بینن داهات و سامانی ووڵاته‌که‌یان به‌ده‌ستی چه‌ند که‌سێکه‌وه گه‌مه‌ی سیاسیانه‌ی پێده‌کرێت.

ئه‌ی ئه‌گه‌ر ئه‌و جیاوازییه‌ی له نێوان ئه‌ندامی حیزبێك و ئه‌وی دیدا ده‌کرێت گه‌نج شێت نه‌کات چی شێتی ده‌کات,وا هه‌ست ده‌که‌م زۆرینه‌ی گه نجه‌کان له ڕیزی وه‌ستانی (نه‌وت و به‌نزین )دا شێت ده‌بن ,قوتابی شێت ده‌بێت و هه‌ر به خه‌می شێتبوونه‌وه ده‌چێته نێو تاقیکردنه‌وه‌کانی ,زانکۆکان ده‌بنه شێت خانه بۆ په‌روه‌رده‌کردنی نه‌وه‌یه‌کی شێت .

قوتابیه‌ك هه‌مان (دوو داره‌که‌ی دارا ) ببینێته‌وه که سه‌ده‌یه‌که هه‌ر ئه‌و داره پیر نابێت و سه‌وزه بێته‌وه ,چۆن گه نجی شێت دروست ناکات ,

شێتبوون تەنها دەرگایەکە لێوەی دەرچی لەم نیشتمانە گوناهە ,شێتبوون فێرمان دەکات ئیدی تەواو پێڵاوە دراوەکانمان فرێدەین و بە نیشتمان بێژین مەرگمان پێببەخشە ,مەرگێك چیدی ئازار نەبینین ,

ئەگەر منیش شێت نەبووبم چیم داوە لە نووسینەوەی ئەم ووتارە ,کیشەی ئێمە لەوەدایە ئەوانەی شێتیان کردین تازە ناتوانن بما نخوێننەوە ,شێتبوون خۆشە شێتبوونی عەشق نەك شێت بوونێك کۆمەڵگە و حیزب پێت ببەخشن.

---

لەهەفتەنامەی ( ئاوێنە ) ژ.( 60 )ی 2007/3/13 بڵاوبووەتەوە